# . مافی خەڵکی کوردستان ئەو کورسیانە نی یە  کە تاڵەبانی و بارزانی لەسەری دادەنیشن !

## بەڵکو ئازادانە لە ڕاپرسی یەکی گشتی دا خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن

وەڵامێك بە جەمال عبداللە

هیچ حکومەت و پەرلەمانێك سەبەتەی پڕ لە نەتەوە و دینەکان و عەشرەتەکان  نی یە . دەسەڵات و حکومەتی لەمجۆرە  هەرچی یەك بێت بەڵام حکومەت و پەرلەمان نی یە. ئەمە بەد کەڵك وەرگرتنە لە ناسنامەی میللی ئینسانەکان بۆ مەبەستی سیاسی و گەیشتنە دەسەڵات . دەسەڵاتی لەمجۆرە فڕی بەسەر دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە نی یە. ئەو نووسەر و قەڵەمانەی بە ناوی کوردەوە شەڕ و شینی پۆست و کورسی یەکانی یەکێتی و پارتی لە حکومەت و پەرلەمانی لەم چەشنەی عێراقدا دەکەن زۆر باسی ئەوە دەکەن کە ئەو کورسی و پۆستانە هەقێکی ڕەوای کوردە ! جەمال عبداللە لە بەشی سیاسی ژمارە (3595 )کوردستانی نوێی دا لە ووتارێکدا لە ژێرناوی ( بە تەوافوق بێت یان بە هەڵبژاردن مافی خۆمانە )دەنوسێت (بۆچی کورد یەکێك لەو دوو پۆستە سیادیەی پێ نەبڕێت .. )!

هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن ئەو هەموو مافی کوردەی ئەمانە هاوار و شینی بۆ دەکەن سەرەنجام پۆست و کورسی یەکانی  تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و دەست و پێوەندەکانیانە بەمانایەکی تر پۆست و کورسی یەکانی یەکێتی و پارتی یە، کە تەنها خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دا ئەوەیە بە زمانی کوردی قسە دەکەن،  دەنا ئەمانە نەك هەر نوێنەرایەتی خواست و ماف و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان ناکەن  بەڵکو دەسەڵاتی 13 ساڵی ڕابردووی ئەم دوو حزبە ئەوەی سەلماند کە ئەمانە خۆیان پێشێلکەرو سەرکوتگەری خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستانن . با زۆر دوورنەکەوینەوە هەر لە 7 /1 / 2005  پۆلیس و ئاسایشەکانی تاڵەبانی نەبوو تەقەیان لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ کرد ؟ ئیتر بە عەقڵی کێدا دەچێت ئەو کورسی یەی تاڵەبانی و دەست و پێوەندەکانی  لە بەغداد لەسەری دادەنیشن مافی ڕەوا و هەقی ئەو خەڵکە بێت .

درۆ و ڕیاکاریەکی چەند گەورەیە  بزووتنەوەیەکی سیاسی کە ئامانج و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی خۆی بە ئینتمای میللی خەڵکەوە گرێ داوە و ناوی ئەوی پێوە لکاندووە ، ڕووی ئەوەی  نی یە بە ئینساف و سەراحەتەوە ناوو ناوەرۆکی ئامانجە بۆرژوایی یەکانی خۆی بەخەڵك بڵێ . ئەوان وا بەخەڵك دەڵێن بەڵام بە کردەوە کورسی و دەسەڵاتی چەند ساڵی  ڕابردوویان لە کوردستان نیشانی دا کە ئەمانە حزبی چینە داراکان و دەوڵەمەندەکانی کوردستانن جگە لە زمانی قسە کردنیان  هیچ شتێکیان نەك تەنها ئامانج و خواست و داواکاریەکانیان بەڵکو ژیان و ڕەوشت و هەلسوکەوت و هەست و نەستیشیان لە هی خەڵکی کوردستان ناچێت . زۆر دوور نەکەوینەوە  چ ئینسانێکی شەریف چ کەسێکی شۆڕشگێڕ و چ دایك و باوکێکی جەرگ سووتاوی کوردستان دەتوانێ ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی تەنانەت بە خەویش ئەملاو لای سەدام بکوژ و ببڕی ڕۆڵەکانیان ماچ بکات، بەڵام ئەمانە کردوویانە ! لەشکری سەدام و ئیسلام بهێنێتە کوردستانەوە ! لەسەر کورسی دەسەڵات خەڵکی کوردستان بکەن بە دوژمنی یەکتر و بە کوشتیان بدەن، ! تەقە لە خۆپیشاندانی خەڵك بکەن، ! سەروەت و داهاتی کوردستان لووش بدەن و خۆیان دەوڵەمەند بکەن ! نەیارانی خۆیان تیرۆر بکەن ، ئازادی  سەفەر ، نیشتەجێ بوون ، کارکردن و دامەزراندن ، بیروڕا ، کۆبوونەوە ، مانگرتن ، خۆپیشاندان ... بخنکێنن ! بەڵام ئەم دوو حزبە هەموو ئەمانە دەکەن و کردوویانە .  هەربۆیە جەمال عبداللە و هاوبیرانی هەقی ئەوەیان نی یە  بە کورسی یەکانی  تاڵەبانی و بارزانی بڵێن مافی ڕەوای کورد ، ئەوە نەك هەر ڕەوا نی یە ، بەڵکو  مافی کوردیش نی یە . ئەوە کورسی شەراکەتی حزبی سەرمایەداران و دەوڵەمەندەکانی کوردستانە لە دەسەڵات و سەرمایەی عێراق دا  لەگەڵ حزبەکانی بۆرژوا شۆفینی و ئیسلامیەکانی تری عێراق کە ئەوانیش مۆری تەزویری عەرەب و دین و عەشرەتیان لە تەوێڵی خۆیان داوە.

مافی ڕەوای خەڵکی کوردستان ئەو کورسی یە  نی یە کە تاڵەبانی و بارزانی لەسەری دادەنیشن و سەرمایەی لەسەر کەڵەکە دەکەن ، بەڵکو ئەوەیە کە ئازادانە لە ڕاپرسی یەکی گشتی دا خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن ، یان وەکو هاووڵاتی یەکسان لە سایەی دەسەڵاتێکی سکۆلار نەعەرەبی  نەئیسلامی نەکوردی دا  لەعێرا قدا بژین ، یان لە عێراقی قەومی و دینی جیاببنەوە و ووڵاتێکی سەربەخۆی سکۆلار و دوور لە شەڕ و ململانێ و هەڵاواردنی قەومی دابمەزرێنن . تەجروبەی دەیان ساڵی ڕابردوو ئەوەی بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان سەلماندووە کە نە حکومەتی قەومی عەرەب حکومەتی خەڵکی  عەرەبی عێراقە نە هەردوو حکومەتی یەکێتی و پارتی حکومەتی خەڵکی کوردستانن.

پاشان جەمال عبدالله دەنووسێت ( هیچ کەسێك بەقەدەر خەڵکی کوردستان تەوفیقی نەبووە و بەقەدەر سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان نەرمی نەنواندووە سەبارەت بە بەشی خۆی لە پۆستەکان و لە کاتی داڕشتنی هەیکەلی نوێی عێراقدا ). ئاخر ئەمە درۆیەکی زۆر گەورەیە کە جەمال عبدالله بەناوی خەڵکی کوردستانەوە دەیکات ، خەڵکی کوردستان کەی لەگەڵ کێ تەوافوقی کردووە ، خەڵکی کوردستان هیچ کات چاوی لە پۆست و کورسی یەکانی بەغداد نەبووە ، هەمیشە لە دڵە ڕاوکێی هاتنەسەرکاری حکومەتێکی تری قەومی عروبی و ئیسلامی دا بووە لە عێراقدا ، خەڵکی کوردستان لە ڕاپرسی یەکەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دا بە تەواوی پێچەوانەی سات و سەودا و تەوافوقاتی یەکێتی و پارتی هەڵوێستیان وەرگرت و زیاتر لە یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس دەنگیان بە ڕیفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان دا ، ئەمە خواست و داواکاری خەڵکی کوردستان بوو ئیتر بە چ پێوانە و حوکمێك خەڵکی کوردستان تەوفیقی بووە ، بە چ پێوانە و حوکمێك ئەمانە سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستانن کە بە پێچەوانەی خەڵکی کوردستان و بە بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی و بە دوور لە چاوی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بۆگەنترین هێزە ئیسلامی و عەشایەری و قەومی یەکانی تری عێرا قدا دەستیان تێکەڵ کردووە و خەریکی تەوافوقات و سات و سەودا و دابەش کردنی حکومەت و سەروەت و سامانی کۆمەڵگای عێراقن بەسەر خۆیان دا ، هەرکاتێکیش هەر لایەکیشیان ڕازی نەبوو لە بەشی خۆی دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانە .
جەمال عبدالله باسی پۆستە سیادیەکان دەکات بە پێی ئاستی دەنگەکان بەڵام باشترە جەمال عبدالله ئەوەی لا ڕۆشن بێت کە ئەو هێزانە بەشداری هەڵبژاردن بوون بە یەکێتی و پارتیشەوە ، نەتیجەی دەنگەکانی هەڵبژاردن ناخوێننەوە و باوەڕیشیان پێی نی یە هەروەکو چۆن دەنگی یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار خەڵکی کوردستانیان نەخوێندەوە ، ئەم هێزانە ئەوەندە تەوافوقین هیچ شتێك لەلایان شەرعیەتی نییە ئەگەر پێشتر تەوافوقی لەسەر نەکرابێت ، تەنانەت دەنگدان و هەڵبژاردنیش ، مەنتیقی ئەم هێزانە دیموکراسی و ئازادی نی یە ، بەڵکو یان تەوافوق یان شەڕە.

سامان ئەحمەد
2005 / 2 14